كؤنسيرتةكةي شطان ثةروةر و عةدنان كةريم لة (كوردسات)! ... شوان عةلي

لەوانەیە تا ڕادەیەک لە ئێوەی بەڕێز شاراوە بێت کە ئەو کۆنسێرتە یان ئاهەنگەی بەنیازن لە دانهاغ بیگێڕن، کێ بەڕێوەی دەباتو؟ لە سەر ئەرکو خەرجی کێ بەڕێوە دەچێ؟ ڕەنگە ڕیکلامەکەی کورد سات و، کوردستان تڤی تان بە چاوی خۆتان بینی! دڵنیام ئێوەش وەک من و هەزاران بینەری دیکەی کورد پرسیار لە خۆتان دەکەن و دەڵێن، کوردسات لەپای چی گاڵتە بەخۆیو بینەری خۆی دەکات؟! بە چ مەبەستێکی چەواشە ئامێز دەیهەوێت لەسەنگی هونەرمەندێک کەم بکاتەوە و بە نا شەرعیش پڕوپاگەندە بۆ حیزبەکەی بکات! ناویکۆمەڵەکانی سەر بەخۆیانو کۆمەڵەی خوێندکارانیش بخاتە نێو ناوان، وەک ئەوەی بە بیینەر بڵێن هەر خۆیان ڕێکخەرو ئەنجامدەری ئەم کارەنو لە سەر نەفەقەی ئەوانیشەوە کارەکە بەڕێوە دەڕوات، بە پەراوێز کردنی ناوی کۆمەڵە کوردییەکانی دیکەی غەیرە (ینک) و بەکەمکردنەوەی سەنگی شڤان پەروەر. !

هەر وەک لە ڕیکلامەکەی کورد ساتدا بەدی دەکرا. ئەوەیان لەبیرە خۆ بردۆتەوە کە (خمێنتە) واتە شارەوانی شاری دانهاغ 10 هەزار یۆرۆ یان وەک خێرپێکردنێک داوە بە نێوی سەرجەم کۆمەڵە کوردییەکانی ئەم وڵاتەی سەر بە پارتی و یەکیتیو ئیسلامیو شیوعیو.. . تاد. وە پێشیان گوترابوو کە هونەرمەند شڤان پەروەر بۆ ئەو کۆنسێرتە نەیەت هیچ خەرجییەک لە ئەستۆ ناگرین، دیارە ئەوانیش دەزانن شڤان کێیە؟ وا پێدەچێ برادەرانیکۆمەڵەی خوێند کار بە بەشداربوونی شڤان پەروەر نارەحەتو سەخڵەتن، هەر وەک لە ریکلامەکەی کورد ساتیش وێنەی شڤانیکورد پەروەر (یۆخ میش) کرابوو! وەک ئەوەی لەگوێی گا دا خەوتوون و نەزانن کە شڤان پەروەر بە قەد دە هێندەی ئەندامانی حیزبەکەی ئەوان لە سەرانسەری جیهان دۆستو جەماوەری خۆی هەیە، هونەرمەند عەدنان کەریمیش هەر وەکو شڤان پەروەر موڵکی هیچ کەسە و حیزبێک نییە تا کوردسات و برادەرانی ینک سەودای پێ بکەن و بازاڕی حیزبەکەیان پێ گەرم بکەن. چونکە ئێمەی غەیرە یەکیەتیش کاک عەدنان کەریم مان لا خۆشەویستەو خۆی و هونەرەکەی بە موڵکی هەموو کورد دەزانین.

دواتر بەو دوو هونەرمەندە بەڕێزە دەڵێم، بەر لەوەی بچن بۆ کۆنسێرت بۆ ئەوەی ڕێ لە چەواشەکاری بگرن، پێویستە هەڵوێست وەرگرن.. ..

چەندە دڵخۆش دەبووم منیش لەو کۆنسێرتە بەشدار بوومایە بەڵام ..

بە ئومێدی سەرکەوتن .